**College of Law کۆلێژی یاسا**
20 février ·

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
کۆلێژی یاسا
رێکخستنی ووركشۆپێك

ئەمرۆ رۆژی سێشەممە رێکەوتی 2024-2-20 کاتژمێر 10:00 بەیانی لە هۆڵی پ.د. خالد سعيد توفيق بۆ سیمینارات، بە ئامەدەبوونی بەڕێزان ( پ.ی.د. قاسم هاشم محمود ) ی.ڕاگر ، ( د. سۆلاف کاکەیی ) نوێنەری مامۆستایان ، ( د. دیاری مسعود ) بەرپرسی لێژنەی دڵنیای جۆری ، ( م. رۆشنا اكرم سعد ) بەرپرسی هۆبەی تۆمار ، ( م.ی. كفاح حميد سلطان ) بەرپرسی هۆبەی خوێندنی باڵا ، بەشێك لە بەڕێزان مامۆستایان و قوتابیانی کۆلێژ.

سەنتەری مافی مرۆڤ لە کۆلێژی یاسا زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەڵسا بە رێکخستنی ووركشۆپێك سەبارەت بە پێشبڕكێی نووسینی ڕاپۆرتی ئەكادیمی و زانستی لە پرۆژەی پێشخستنی مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و باشترکردنی بارودۆخی دەستبەسەرکراوان و ڕێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و وەستاندنی سزای لە سێدارەدان.

کە بە هەماهەنگی لە نێوان کۆلێژەکانی یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر و زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆک و ڕێکخراوی فریاکەوتنی و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO ) ئەنجام دەدرێت.

ووركشۆپەكە بە شێوەیەکی ئەكادیمی و زانستی زۆر باش پێشکەش کرا بە ئامەدەبووان.

ووركشۆپەكە دەوڵەمەند کرا بە راو بۆچون و پرسیاری ئامەدەبوان.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە ئەم پرۆژەیە بە پاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا جێبەجێ دەکرێت.

هەر زانکۆیەک بە (20) ڕاپۆرت بەشدار دەبێت کە لەلایەن قوتابیانی قۆناغی (بەکالۆریۆس)ەوە ئامادە دەکرێن.

ووركشۆپەكە کۆتایی هات بە چرکاندنی وێنەیی بە کۆمەڵ بۆ ئامەدەبووان.

دڵشاد محمد رحمن
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆلێژی یاسا
زانکۆی سەلاحەدین




